# ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزب:

## 13 ساڵە کوردستان لەژێردەستی دەوڵەتی مەرکەزی هاتوەتەدەرەوە، تاڵەبانیو بارزانی خەریکن لە ڕێگای ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنەوە ئەم دەسکەوتە گەورەیە دەفرۆشنو دەیگێڕنەوە بۆ ژێردەستی دەوڵەتی شۆڤێنیستی مەرکەزی

**ئۆکتۆبەر: حیزبە ناسیونالیستە کوردیەکان بەردەوام بانگەوازی خەڵك ئەکەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، لە کاتێکدا کە خۆیان هەموویان بە یەك لیست دابەزیوونو کورسیەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەشکردووەو هیچ هەڵبژاردنێکیان بۆ خەڵك نەهێشتۆتەوە.. رای ئێوە لەمبارەیەوە چیە؟**

ریبوار ئەحمەد: لە پیشدا ریگا بدەن با لە چوارچیوەیەکی گشتی تردا قسەیەك لەسەر ئەم بە ناو هەلبژاردنە بکەین. من پیم وایە کەم کەسی سادەش هەیە ئەو راستیە نەزانی کە ئەوەی بریارە لە ژیر ناوی هەلبژاردندا لە عیراق بەیوەبچیت، سینارۆیەکی گالتەجارانەیە. کەسیك ئەگەر خۆی نەخەلەتینێ گومانی لەوە نیە کە بەم گالتەجاریە نە هیچ ئالوگۆریك لەم وەزعە کارەساتبارە رووەدداتو نە تەنانەت دارودەستەی داسەپینراو بەسەر کورسی دەسەلاتدا شەرعیەتی جەماوەری بۆ خۆیان بەدەست دەهینن. مەسەلەکە رۆشنە کە گشت ئەم سیناریۆیە لە ئاستی عیراقو کوردستاندا یەك پرۆژەیەو یەك ماهیەتی هەیە. بۆ ئەمریکا کە بە سەختی گرفتار بووە، لە بردنە پیشی نەخشەکانیدا ناکام ماوەتەوە. دوای تیپەرینی نزیك بە دووسال بەسەر روخانی رژیمی بەعسدا رۆژ بەرۆژ هەلومەرجەکە بەرەو ئالۆزیو بێ سەرەو بەرەیی زیاتر دەروات. لەلایەن رای گشتی دنیاو ئەوروپاو خودی کۆمەلگای وەمریکاوە زەختیکی زۆری لەسەرە بۆ بردنەدەرەوەی هیزەکانی لە عیراق. بۆیە ئەمریکا بوەتە بانگشەچی بۆ هەلبژاردنودەیەوێ نمایشیکی پوچو فریوکارانە بەرپابکاتو بە روالەت وا نیشانبدات کە گوایە پرۆسەی هەلبژاردن بەریوەدەچیتو پەیامی دیموکراسی لە عیراقدا جیبەجێ دەبیتو، بریاری نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت گواستنەوەی دەسەلات بۆ عیراقیەکان بە شیوەی دیموکراسی ئەنجامدراوەو هەموو شت تەواو بوە. تەنانەت ئەگەر بە هۆی گیروگرفتی زۆرەوە ئەم بەناو هەلبژاردنە روویشنەدات، دیسان ئەمریکا ئەم خۆنواندنە وەکو لایەنگری سەرسەختی هەلبژاردن دەکاتە دەستمایەیەك بۆ دریژەدان بە سیاسەتی خۆییو کپکردنەوەی زەختو نارەزایەتی لەسەری. بەلام ئەمە هیچ نیە جگە لە خۆگیل کردن لە واقعیکی کارەستبار کە بە پیش چاوی خەلکی دنیاوە رووی لە پەرەسەندنە. لەلایەن هیزە قەومیو دینیەکانی دەسکەلای ئەمریکاشەوە ئەم سیناریۆیە تەقەلایەکە بۆ دابەشکردنی دەسەلاتیکی کۆنەپەرستانەی لە پیشدا بریاردراو لە نیوان خۆیانداو داسەپاندنی لە بەرگی دیموکراسیدا بەسەر خەلکدا.

تا ئەو جیگایەی بە کوردستان دەگەریتەوە، ئەمریکاو هیزەکانی سەربەو کە ئیلحاقی داسەپینراوی کوردستان لەگەل عیراق بە ئیمتیازیکەوە کە بە ئەحزابی ناسیونالیست دراوە وەکو فەرزیکی براوە چاو لی دەکەن، دەیانەوێ تەواوکەری ئەم پرۆژە گالتەجاریە بە ناوی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەریوەبەرن. هەتا بەبێ ئەوەش کە ئەحزابی ناسیونالیست بەم جۆرەی ئیستا راشکاوانە کورسیەکان دابەش بکەن لە نیوان خۆیانو دەستو پیوەندەکانیاندا، ئەم سیناریۆیە هیچ لیکچونیکی تەنانەت لەگەل هەلبژاردنی دیموکراسی بورژوازیشدا نیە. یەکیتی نیشتمانی بە رەسمی هەلسورانی حیزبی ئیمەی قەدەغە راگەیاندوە، لە کوردستان رۆژنامەو ریکخراوی قەدەغە کراو هەن، پەلاماری ئازادیەکانی خەلك دەدریتو خەلك لەسەر سیاسەت دەخریتە زیندان. ئەمە چ جۆرە دیموکراسیەکە تا باسی هەلبژاردنی تیا بکریت؟!

بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە ئەم حیزبە میلیشیاییانە بە هیچ جۆریك پابەندی ئەنجامی هیچ دەنگدانیگ نابن کە بستیکی دەسەلات لە دەستی ئەوان دەربهینێ. هیچ کەسێ گومانی لەوە نیە کە ئەوەی بە دەنگدان لە دەستیان دەربیت بە چەك

وەریدەگرنەوە. ئەوە لە هیچ کەس شارەوە نیە کە لە 12 سالی رابردوودا هیچ سیناریۆیەکی بە ناو هەلبژاردنیان نەبوە کە لە پیشەوە ئەنجامەکەی نەبرینرابیتەوە. ئەوان بریار دەدەن کە بۆ نمونە خویندکاران یان شارەوانیەکان یان مامۆستایان یان پەرلەمان...بۆ خۆیان پاوان بکەن. جا ئەمە بە فریوکاریو وەعدەو بەلینی هەلخەلەتینەرانە بیت، یان بە هەرەشەی برینی مەوادی خۆراکی، یان لەکاردەرکردن، یان بە زەبری هەرەشەی چەك بیت، دەچن پەنجە مۆری خەلکی بۆ وەردەگرن.
ئەمجارە دەبێ بلیین ئینسافیان نواندوە کە نەخشەی پاوانکارانەیان روونو راشکاو بە بەرچاوی خەلکەوە راگەیاندوەو دەلین لە ئیستاوە کورسیەکان دابەشکراوەو ئیوەش وەرن ئەم گالتەجاریەمان بۆ مۆربکەن. ئەمە دیموکراسی گالتەجارانەی عەشایەرییە. هەر ئەو راستیانەی کە بۆ هەموو خەلك روونو ئاشکرایە بەسە بۆ ئەوەی کە نابێ خەلکی ئازادیخواز لەم گالتەجاریە بەشداری بکەن. ئەمە نە هەلبژاردنە، نە دەنگی خەلك بایی پوشیك بایەخی هەیە. بەلام لەمەش زیاتر ئەوەیە کە بەشداری خەلکی کوردستان لەم پرۆژە چەواشەکارانەیە مانای ملدانە بەو ئەسارەتو ژیردەستیەی کە بە هۆی ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بە عیراقەوە بەسەریاندا سەپینراوە. بەشداری لەم بە ناو هەلبژاردنە ئەم کۆتی ئەسارەتە لە دەستو پێی خەلکی کوردستان قایمتر شەتەك دەدات لە پیناو ئەوەی ئیمتیازیك بدریت بە جلال تالەبانیو مسعود بارزانی بە ناوی مافی خەلکی کوردستانەوە. ئەوان دەیانەوێ ئەو هەلومەرجەی کە بۆ گەیشتنی خەلکی کوردستان بە ئایندەیەکی باشتر پیکهاتوە، وەکو هەمیشە بفرۆشن بە ئیمتیازیك بۆ خۆیانو حیزبەکانیان. ئەمە بنەمای هەولی ئەوانە بۆ کیشکردنی خەلك بەرەو ئەم سیناریۆ گالتەجارانەیە.
ئەوان بەم سیاسەتەیان زەربەیەکی گەورەو کاریکەر لە خەلکی کوردستان دەدەن، 13 سال پیش ئیستا لە جەرگەی هەلومەرجیکی جیهانیدا کوردستان لەژیردەستی دەولەتی شۆفینیستی مەرکەزی هاتەدەرەوە، بەم جۆرە 13 سالە کوردستان دیفاکتۆ لە دەولەتی شۆفینستی مەرکەزی جیایە، بە جیاس لە هەموو سەختیو کارەساتەکان ئەمە دەسکەوتیکی گەورەبوو بۆ خەلکی کوردستان، بەلام تالەبانیو بارزانی خەریکن لە ریگای ئەم سیناریۆی هەلبژاردنەوە ئەم دەسکەوتە گەورەیە دەفرۆشنو کوردستان دەگیرنەوە بۆ ژیردەستی دەولەتی شۆفینیستی مەرکەزی. ئەمە خەتایەکی گەورەو پاساو هەلنەگرەو لە میژوو تۆمار دەبیت لەسەریان.

**ئۆکتۆبەر: مەسەلەیەك کە ئەوان هەمیشە دیعایەی بۆ ئەکەنو ئەیانەوێت خەڵکی پێ ببەنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان مەسەلەی پشکی "کورد"ە لە پەرلەمانی ئایندەی عێراقدا.. دەڵێن تا کورد زۆرتر بەشداری بکات لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقداو تا کورسی زیاتر بەدەست بهێنێ، مافی کورد زامنتر ئەبێتو دەوری کورد لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا زیاتر ئەبێت، وە بەم پێیە خەتەری گەرانەوەی ستەمی قەومی کەمتر ئەبێت. ئێوە لەمبارەیەوە چی ئەڵێن؟**
ریبوار ئەحمەد/ پیشتر ووتم کە ئامانجی ئەوان لەم پروپاگەندانە چیە. بە دریژایی دەیان سالی رابردوو دەیانجار ئەم فریوکاریەیان دەرخواردی خەلك داوە، بۆ یەکجاریکیش بەرژەوەندی خەلك جیگایەکی نەبوە لە بەرنامەو سیاسەتو نەخشەی ئەواندا. هەمیشە خەلكو ئاواتو ئارەزوەکانیان کراون بە قوربانی بۆ مەرامەکانی ئەم حیزبانە. هەموو بەندوبەستەکانیان لەگەل رژیمی بەعس، لەگەل جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی، لەگەل دەولەتی فاشیستی تورکیا، لەگەل جەنگی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا...کە هەرکامی کارەساتی بۆ خەلك هیناوە، لە ژیرناوی بەرژەوەندی خەلکدا بەریوەبراوەو هەمان پروپاگەندەی بۆ بەریخراوە.
پیم وایە ئەو پروپاگەندانەی کە تا ئیستا کردویانە ناگات بە قولی ئەوانەی کە بۆ هەلبژاردنەکەی سالی 1992 کردیان. ئەوکات وایان لە خەلك دەگەیاند کە بە دامەزرانی پەرلەمانو حکومەتی کوردی، کوردستان دەبیت بە بەهەشت بۆ خەلکەکەی. بەلام لەم

12 سالەدا سەدو یەکجار خەلکیان دوچاری پەشیمانی کردەوە لەوەی کە پەنجەمۆریان بەواندا. ئەمانە تەنها لەو رۆژانە کە پیویستیان بە پەنجەمۆری خەلك هەیە، خەلکیان بیردەکەویتەوەو روی خۆشیان نیشاندەدەن.

لە راستیدا ئەوە زۆر رۆشنە، کە بەشداری خەلکی کوردستان لە هەر یەك لەم بە ناو هەلبژاردنانە، سەلماندنی ئەو حوکمە شۆفینیستیانەیە کە دەیان سالە بە زەبری سەرکوتی خویناوی بەسەر ئەم خەلکەدا سەپینراوە. دەیان سالە خەلکی کوردستان لەسەر یاخی بوون لە ئیلحاقی ئیجباریان بە عیراقەوە کوشتارو ئەنفالو کمیاباران دەکرین. ئیستا هەمان ئەم ئیلحاقە ئیجباریە لەلایەن ئەو هیزانەی لە پشتی ئەم بە ناو هەلبژاردنەوە راوەستاون، بە فەرز وەرگیراوە، غازی یاوەر بە هەمان مەنتقی صدام حسین، بە نوینەرایەتی هەموویان ووتی باسی ریفراندۆم کفرەو باسی جیابونەوەش تاوانیکە کە بە هەموو توانایەك سەرکوتی دەکەن. بەشداری لەم سیناریۆ گالتەجاریە سەردانەواندنە بۆ ئەم پەیامە فاشیانەیە، جەلال تالەبانیو مەسعود بارزانیو بزووتنەوەی کوردایەتی دەیانەوێ دەستی خەلکی کوردستان بکەن بەم زاخەدا لە پیناو وەرگرتنی ئیمتیازیك بۆ خۆیان.

بۆیە خەلکی ئازادیخوازو هەر لایەنیك کە تۆزقالیك بە تەنگ چارەنوسی خەلکی کوردستانەوە بیت، دەبێ بە توندی پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە بەرلە هەر هەلبژاردنیك لە عیراقو کوردستاندا، بواربدریت خەلکی کوردستان لە راپرسیەکی ئازادو گشتیدا بریار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن، دەبێ دوای دەیان سال لە دەسەلاتو سەرکوتی فاشیانەی دەولەتە مەرکەزیەکانی عیراق، لەم خەلکە پرسیار بکریت کە خۆیان چ دەلین لەسەر ئەوەی رۆژگاریك بە زۆر لکیندراون بەم دەولەتە مەرکەزیانەوە. ریگابدریت ئەم خەلکە رای خۆیان بدەن لەسەر ئەوەی کە لەسەر ئەم لکاندنە چی دەلین؟ ئایا دەیانەوێ لەگەل دەولەتی مەرکەزی بمیننەوە یان نا؟ ناکرێ ئەوەی بەسەریاندا سەپینراوەو لەسەری کۆمەلکوژ کراون، بە فەرز وەرگیرێو لەسەر ئەم بناغەیە راکیشیان بکەن بۆ دەنگدان بە بەدیلیك کە بە هەمان پەیامەوە بەرامبەریان راوەستاوە.

ئەو حیزبانەو ئەو هیزانەی خەلکی کوردستان بۆ ناو ئەم زەلکاوە رادەکیشنو لە پیناوی ئینمتیازیکدا بۆ خۆیان بەرەو ئەم سیناریۆ پوچو کۆنەپەرستانەو گالتەجارانەیە راپیچیان دەکەن، ئەوانەی دەستی ئەم خەلکە دەچزینن بەم ئاگرەدا، گەورەترین تاوان بەرامبەر ئەم خەلکە دەکەنو وەکو خەتایەکی پاساوهەلنەگر لە میژوودا لەسەریان تۆماردەبیت. خەلکی کوردستان نەك هەر نابێ بە پروپاگەندەی ناسیونالیزمی کورد فریوبخۆن، نەك هەرنابی لەم پرۆژەو پیلانە دیلهینەرانەیەدا بەشداری بکەن، نەك هەر نابێ دوای پروپاگەندەی فریوکارانەی یەکیتیو پارتیو بزووتنەوەی کوردایەتی بکەون، بەلکو دەبێ ئەمە وەکو بەلگەیەکی دیکەی بیگانەیی ئەوان بە خواستو ئامانجەکانی خەلکی کوردستان تەماشا بکریت، دەبی خۆیان بکەونە بەردەم نارەزایەتی خەلکی کوردستان لەسەر ئەوەی لە پیلانو پرۆژەیەکی دژ بەم خەلکەدا دەستیان هەیە. ئیمە سالی 1992 هەمان پیشبینیمان خستەبەردەم خەلکی کوردستانو دواتریش رەوتی رووداوەکان دروستی قسەکانی ئیمەی سەلماند. ئەوکات زۆربەی ئەوانەی دوای پروپاگەندەی ئەوان کەوتن، دواتر پەنجەی پەشیمانیان گەست. ئیتر بواریك بۆ پەشیمانی نەماوەتەوە، ئەگەر ئەم جارەش ریگابدریت ئەم دەرفەتەی بۆ رزگاری خەلکی کوردستان لە پلەدوویيو ئیلحاقی ئیجباریو سەرکوت پیکهاتوە، لەلایەن تالەبانیو بارزانیەوە بکریتە قوربانی مەرامە تەسکەکانی خۆیان، ئیتر بۆ دەورانیکی تر هەمان سیناریۆ کارەساتبارەکانی رابردوو هەرەشە لە خەلکی کوردستان دەکاتەوە.

ئەوەی ئەوان پیی دەلین هەرچی زیاتر خەلکی کورد لەم هەلبژارنە بەشداری بکات بۆ ئەم خەلکە باشترەو نوینەرایەتیان لە پەرلەمانو حکومەتی مەرکەزیدا بەهیزتر دەکات، ئەمە فۆرمۆلەیەکی ئاشناو ناسراوە بۆ بەیانی بەرژەوەندیو مەرامە تایبەتیەکانی خۆیان کە هەمیشە بەرگی بەرژەوەندیەکانی خەلکی بەبەردا دەکەن بۆ ئەوەی دەرخواردی خەلکی بدەن. ئەگینا میژووی دورودریژی ئەوانو دەسەلاتی 12-13 سالی رابردویان بە کردەوە سەلماندویەتی دەسەلاتی ئەوان دەسەلاتی خەلك نیە،

دەورو دەخالەتی ئیرادەی خەلك لە دەسەلاتو بەریوەبردنی کۆمەلگادا هیچ جیگایەکی لە قاموسی سیاسی ئەواندا نیە، ئەوەی ئەوان خەویان پیوە دەبینی کابوسیکی گەورە بوو بۆ خەلکی کوردستان.

ئەوەی ئەوان بە ناوی پشکی کورد لە پەرلەمانی ئایندەی عێراقدا، پروپاگەندەی بۆ دەکەن، پیلانیکی خەتەرناکە بۆ هەلگیرساندنی شەریکی نەبراوەی قەومیو دینی لە نیوان هاولاتیاندا. لە ئیستاوە دەیانەوێ ناکۆکییەك بخەنە نیوان هاولاتیانەوە لەسەر بناغەی مافی قەومیو تائیفی، کە سبەینێی دوای تەواو بوونی بە ناو هەلبژاردنەکەیان مەترسی ئەوە هەیە لەسەر بناغەی ئەم ناکۆکیە ساختەو داتاشکراوە کۆمەلگای عیراق ببیتە گۆماوی خۆینو وەکو وولاتانی ئەوروپای شەرقی سکی یەکیان پی هەلدرن لە پیناو دابەشکردنی دەسەلات لە نیوان خۆیاندا. حکومەتو بەدیلیك لەسەر بناغەی قەومیەتو دینو تائیفەو کورسیو وەزارەتخانەکانی دابەشکرابیت، هیچ فریکی بەسەر ئازادیو ئینسانیەتو مافی هیچ هاولاتیەکەوە نیە. مافی هیچ هاولاتیەك لای هاولاتیانی تر نیە، نە هی کوردزبان لای عەرەبزبانەو نە هی سونی مەزهەب لای شیعە مەزهەبە، بەلکو مافی یەکسانی هەموویان دەبێ لە قورگی ئەمریکاو هیزەکانی سیناریۆی رەش، هیزە قەومپەرستو ئیسلامیو تائیفەچیەکان دەربهینریت کە لەسەر دەسەلات لە نیوان خۆیاندا شەروکیشەیانەو خەلکیش دەکەنە سوتەمەنی ئەم شەرە. خەلکی ئازادیخواز دەبی هۆشیارانە ئەم پیلانە پوچەل بکەنەوەو نەکەونە ئەم بۆسە خەتەرناکەوە.